شاردنەوەی سەدام حسێن ناونیشانی فلمێکی دیکومێنتاری عێراقی نەرویجییە

فلمێکی دیکومێنتاری عێراقی نەرویجی لە سەر چیرۆکی شاردنەوەی سەدام حسێن لەلایەن دەرهێنەرێکی کورد بەناوی هەکەوت مستەفا کاری دەرهێنانی بە کراوە و لە ئێستادا ئەو فیلمە لە گەورەترین فستیڤاڵە جیهانیەکان نمایش دەکرێت.

فیلمەکە چیرۆکی ئەو جوتیارە دەگێڕێتەوە کە ناوی (عەلا نامیق)ە خەڵکی باشوری پارێزگای تکریتە ،ماوەی 235 سەدام حسێنی لای خۆی شاردبووە تا کۆتا جار لە 13 ی دیسەمبەری 2003 لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا.

جێی ئاماژە پێکردنە ئەم فیلمە لەلایەن کەمپانیای نەرویجی هەن فیلم بەرهەمهێراوە و لەلایەن حکومەتی نەرویجەوە پارەی پێدراوە.